**زانكۆی سەلاحەدین– هەولێر**

**كۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری – بەشی ئابووری**

**بابەت/ الاقتصاد القیاسی ( ئابووری پێوانەیی)**

**مامۆستای بابەت/ د. كیژخان یوسف عزیز**

**سالی خوێندن/ 2020– 2021**

## بەشی یەكەم

## پێناسەی ئابووری پێوانەیی و ڕەهەندەكانی

ئەگەر چەمكی (econometrics) لێكبدەینەوە ئەوا دەبینین كە چەمكێكی داتاشراوە و لە بنەڕەتدا ئەغریقیە و پێك هاتوە لە دوو ووشە یەكەمیان (economy) واتە ئابووری و دووەمیان بریتیە لە (Metrics) یان (Measure) كە بەمانای پێوانەیە و ماناكەی بە ئابووری پێوانەیی (الاقتصاد القیاسی) دێت.

زۆر پێناسەمان هەیە بۆ چەمكی ئابووری پێوانەیی بەلام تەنها یەك پێناسە وەردەگرین كە پێناسەیەكی گشتگیرە ئەویش **ئابووری پێوانەیی** پێناسە دەكات بەوەی كە:

**بریتیە لە تێكەڵەیەك (پێكهاتەیەك) لە بیردۆزی ئابووری ( النظریە الاقتصادیە) و ئاماری بیركاری ( الاحصاء الریاضي) و ئاماری ئابووری (الاحصاء الاقتصادي) وبیركاری ئابووری (الاقتصاد الریاضي) ، بە ئامانجی بەدەست هێنانی ئامازەی بڕی (مؤشرات كمیة) بۆئەو هاوكۆلكانەی كە پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان گۆڕاوە ئابووریەكان وەك ( نەرمی نواندن (مرونات) ، لاری ( میل) ، بەها سنوورەكیەكان ( القیم الحدیة)، هتد، وجەختكردنەوە لەسەر بیردۆزی ئابووری.**

هەروەك لە پێناسەی پێشوو بۆمان ڕوون بۆتەوە دەتوانین بڵێین كە ئابووری پێوانەیی سێ پێكهاتە بەیەكەوە دەبەستێت كە بریتین لە(ئابووری و ئامار و بیركاری) ئەویش بۆ خەمڵاندنی پەیوەندی بڕی لە نێوان گۆڕاوە ئابووریەكان . شایەنی باسە بنچینەی نموونەی ئابووری پێوانەیی بریتیە لە بیردۆزی ئابووری .

### پەیوەندنی ئابووری پێوانەیی بە بیردۆزی ئابووری:

بیردۆزی ئابووری چەندگریمانەیەكی دیاری كراومان دەداتێ بە پێی سروشتی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە ئابووریەكان وەزۆربەی ئەم گریمانانەش سروشتی جۆریان هەیە نمونە(ئابووری بەشەكی (جزئی) نیشانمان دەدات كە پەیوەندیەكی پێچەوانە هەیە لەنێوان بڕی خواست لەسەر شمەكیك لە گەڵ نرخی شمەكەكە بە جێگیر بونی هۆكارەكانی تر كە كاریگەریان هەیە لەسەر

خواست، بەڵام ئەم بیردۆزە هیچ پێوەرێکی (بڕی) مان ناداتێ بۆنیشاندانی ئەم پەیوەندیە لەنێوان بڕی خواست و نرخی شمەکەکە وەهەروەها بڕی نزمبوونەوە و زیادبوونی خواست یان نرخ مان ناداتێ بۆیە خەملاندنی پەیوەندی لەنێوان ئەم دوو گۆڕاوە کە نرخ و خواستن کاریکی گرنگی تویژەری قیاسیە (Econometrician). بەمانایەکی تر ئابووری پێوانەیی بۆچوونێکی (تجریب ) تاقیکاریمان دەداتێ بۆ زۆربەی یاساکانی بیردۆزی ئابووری.

## پەیوەندی ئابووری پێوانەیی بە بیرکاری ئابووری (اقتصاد رياضي) :

گرنگی سەرەکی ئابووری بیرکاری بریتیە لە دەربڕینی بیردۆزی ئابووری بەشێوەی بیرکاری ئەویش بەبەکارهێنانی هاوکێشەو هێما بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەتوانرێت پێوانە بکرێ.

جیاوازی سەرەکی لەنێوان ئابووری بیرکاری و بیردۆزی ئابووری ئەوەیە کە بیردۆزی ئابووری ڕێگای وەصفی (زارەکی )بەکار دەهێنێت بۆ پێشاندانی پەیوەندی لەنێوان گۆڕاوە ئابووریەکان بەبێ بەکارهێنانی هاو کێشەو هێما،بەڵام ئابووری پێوانەیی بە پلەیەك گرنگی دەدات بە جەختکردنەوە لەسەر جەرباندن و تاقیکردنەوە.

وەشایەنی باسە هەریەك لە بیردۆزی ئابووری و ئابووری بیرکاری پەیوەندی نێوان گۆڕاوە ئابووریەکان نیشان ئەدەن لەسەر بنچینەی پێکهاتەی پەیوەندیەکی تەواو وریك، بۆنمونە ئەگەر نەخشەی خواستمان هەبێ لەسەر شمەکێکی دیاری کراو:

$$Qd=b0+b1p+b2p0+b3y+b4t$$

کەهەریەك لە هێماکانی:

Qd=بڕی خواست

P=نرخی شمەك

P0=نرخی شمەکانی تر ی هەمان پەیوەندی

Y=داهات

t=ئارەزوو

بیردۆزی ئابووری سروشتی پەوەندی نێوان ئەم گۆڕاوانەو بڕی خواستمان بۆ دیاری دەکات وەگریمان دەکات کە پەوەندیەکی تەواوە ریکە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر هۆکاری تر هەن کە کاریگەری لە خواست دەکەن کە ئێستا باسیان ناکەین، ئابووری پێوانەیی ئەم هۆکارانە لەبەرچاو وەردەگرێت بۆیە گۆڕاوێکی تر بۆ ئەم هاوکێشەیەی پێشوو زیاد دەکات وەناوی لێدەنێت گۆڕاوی هەرەمەکی (المتغیر العشوائی) (ui) و کاریگەری هەموو هۆکارەکانی تری ناهێلێ یاخود (کاریگریەکان هەڵدەمژێ) و کاریگەری هۆکارەکانی تر لەخۆ دەگرێت کە لەبەرچاو نەگیراون لە کاتی دارشتنی نەخشەکەی خواست، وە ئابووری پێوانەیی نەخشەی خواست بەم شێوەیەی خوارەوە دادەرێژێت(وەصف ئەکات):

$$Qd=b0+ b1p +b2p0 +b3y +b4t +ui$$

که (ui)کاریگەری هۆکارەکانی تر نیشان دەدات کە گۆڕاوێکی عشوائیە کە لەوانەیە سالب یان موجەب یان صفر بێت ،تەنها تێکراکەی یەکسان دەبێ بەصفر، لێرەدا جیاوازی ئابووری پێوانەیی لەلایەك و لەگەڵ هەریەك لە بیردۆزی ئابووری و ئابووری بیرکاری دەردەکەوێ لەلایەکی تر.

## پەیوەندی ئابووری پێوانەیی بە ئاماری ئابووری (الاحصاء الاقتصادي)

ئاماری ئابووری گرنگی سەرەکی دەدات بەکۆکردنەوەی زانیاری ئابووری وەهەوەرها پۆلێنکردن و خستنەڕوی ئەم زانیاریانە بەشێوەی خشتەو وێنەو هێڵکاری وەهەروەها هەوڵدان بۆ وەصف کردنی ئاڕاستەو جۆری گەشەپێدانی ئەم زانیاریانە لەماوەیەکی دیاریکراودا، وەهەروەها ئاماری ئابووری هەوڵدەدات ئەم پەیوەندیانە بزانێت کەلەوانەیە هەبێت لەنێوان گۆڕاوە ئابووریە جیاوازەکان، و تایبەتمەندە بەکۆکردنەوەی زانیاری لەم بوارەدا وەك (GDP) و بەکارخستن و بێکاری و نرخ و هەروەها....هتد.

ئەم زانیاریە کۆکراوانە زانیاریەکی (خاون) و کەرەستەیەکن دەتوانرێ بەکاربهێنرێن بۆ خەملاندنی نموونەی پیوانەیی. ئاماری ئابووری لەمە زیاتر ناکات، و گرنگی نادات بە تاقیکردنەوەی بیردۆزی ئابووری بەڵکو ئەم گرنگیە بەجێدەهێڵێت بۆ لێکۆڵەرەوەی پێوانەیی.

وئەوەی پەیوەندی هەیە بە ئاماری بیرکاری ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر ئامراز و پێداویستیمان دەداتێ کەبەکار دەهێنرێن لە شیکردنەوەی تاقیکراوەکان (تجريبی).

## ئامانجەکانی ئابووری پێوانەیی:

### 1. شیکردنەوە و تاقیکردنەوەی بیردۆزی ئابووری:

ئامانجی سەرەکی ئابووری پێوانەیی بریتیە لە بەدەست هێنانی ڕاستی ودروستی بیردۆزەکانی ئابووری ئەویش لەڕێگای گەیشتن بە ئەنجام و بەڵگەی کرداری بۆ تاقیکردنەوەی هێزی ڕوونکردنەوەیی بیردۆزە ئابووریەکان، ودواتر گەیشتن بەبڕیار دەربارەی هێز وتوانای ئەو بیردۆزانە بۆ ڕونکردنەوەی شیکردنەوەی ڕەفتارە باوەکانی یەکەکانی ئابووری. ولە ڕۆژگاری ئێستادا ناتوانین هیچ بیردۆزێك قبوڵبکەین تاقینەکرابێتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی گونجاوی و لۆژیکی ئەم بیردۆزانە.

### 2. دارشتنی پلان وسیاسەتی ئابووری

لەزۆربەی حاڵەتەکاندا هەڵدەستین بە پراکتیزە کردنی ڕێگا جۆراو جۆرەکانی ئابووری پێوانەیی بۆ بەدەستهێنانی خەملاندنی ژمارەیی بۆ هاوکۆلکەی پەیوەندیە ئابووریەکان وەکو مرونات، مضاعف، تێچووی سنوورەکی، دەستهاتی سنوورەکی .... هتد بە مەبەستی داڕشتنەوەی سیاسەتە

ئابووریەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان. هەروەها ئەو بەهایانە یارمەتی دەرن بۆ بەراوردکردنی کاریگەری بڕیارەکانی سیاسەتە جێگرەوەکان.

### 3. پێشبینی کردنی بەهای گۆڕاوە ئابووریەکان:

یەکێك لە گرنگیەکانی ئابووری پێوانەیی ئەوەیە کە یارمەتیمان دەدات بۆ پێشبینی کردنی بەها ئابووریەکان لەکاتی وەرگرتنی بڕیارە سیاسیەکان ودارِشتنەوەی سیاسەتە ئابووریەکان ئەم پێشبینیانە وا لە دارێژەرانی سیاسەتەکان دەکات کە بریار لەسەر ئەو رێوشوێنە پێویستانە بدەن کە کاریگەریان دەبێت لەسەر گۆڕاوە ئابووریەکان.